# دەرئەنجامەکانی کارەساتی 11ی سێپتمبەری 2001 لەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی:

**جەمال کۆشش**
2006\9\10

هەقیقەت کارەساتی 11ی 9, ڕووداوێکی یەکجار گرنگ بوو لەمێژووی نوێدا وکاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوەندەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی داناوە. دەتوانین بڵێین سەدەی بیست ویەکەم لەم ڕووداوە وە دەستپێدەکات و ژیانی نوێی ئینسانەکان لەنێو ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وچەنگیەدا مێژوو دەخولقێنن . لەو بارەوە ووتار ولێکدانەوە ی جۆراوجۆر نووسراون و هەروەها درێژەی هەیە. لەنێو نووسەرانی کوردا بەشێوەیەکی گشتی بێدەنگی هەڵبژێردراوەو زۆر کەم لێگدانەوەیەکی جددی بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتەکان و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان گیراوەتە بەر, نەك هەر ئەمە بەڵکە ئەو سیاسات ونەخشانەی کە لەلایەن دەوڵەتی بۆشەوە لەمەڕجیهان وناوچەی ناوەڕاستەوە پەیڕەوکراوە بەتاییەت بەدوای ئەم کارەساتەوە, وەك تەنها ئومێد و وەك ڕزگاریگەرو پرۆسەی ئازادی بەخەڵك ناسێنراوە وقەبڵێنراوە.

ئەمساڵ لێکدانەوەی ڕووداوی یانزەی نۆ گەلێك تاییەتمەندی تری بەخۆیەوە بینی لەچاو سڵانی پێشووتر, پاش 5 ساڵ لەو ڕووداوە, هێشتا سیساسات ونەخشەکانی دەوڵەتی بۆش بۆ جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ ناکامیەکی کوشندەو بێ ئاسۆ بەرەو ڕووبۆتەوە. وەك پرۆفیسۆر کریستیان لەچاوپێکەوتنەکەی دەریبڕی((ئێستا خودی ئەمەریکا بەشێکە لەکێشەکە ئەگەر بەشی سەرەکی کێشەکە نەبێت)). پاش 5 ساڵ لەشەڕی بەرەنگاری بەرامبەر تیرۆریزم, چارەسەری کێشەی فەلەستین, دیموکراسیکردنی عیراق و دامەزراندنی ڕۆژهەڵات و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستێکی نوێ وبێ ئاکام و بێ ئالتەناتیڤ, وە نەك هەر ئەمە بەڵکە وەك ناسر ووتی(( تەنها شەڕێك کە ئەمەریکا لەئیسرائیل ئیسرائیل تربوو,شەڕی لوبنان)) بوو,وە بەگشتی شعووری ئارامی وپارێزراوی تەنانەت لە لایەن خەڵکی ئەوروپاو ئەمەریکاوە بەدەست نەهاتووە لەهێرشی تیرۆریزمی ئیسلامیەکان. ڕووداوە تیرۆریسیتەکانی ماوەی ئەم 5 ساڵە ئەمە دەسەڵمێنن.

لێکدانەوەی ئەم ساڵ, تاییەتمەندییەکی تریشی هەیە, تویژینەوە لە چارەسەری تر لەشەڕ لەگەڵ تیرۆریزم, هەڵسەنگاندنی ئەم ڕووداوە بە دوور لە گریانە درۆینەکانی سەرانی دەوڵەتی بۆش, گەڕان وسۆراخ بۆ ئالتەرناتیوی تر بۆ کێشەکانی جیهان .

بەشێوەیەکی گشتی لەنێو لێکۆڵەرەوانان وئەهلی سیاسەتدا , شەڕی عیراق بەهەڵەیەکی کوشندە بۆ سیاسیەتی بۆش لێکدەدەنەوە. زەربەیەك کە لەئەفغانستان وەشێنرا لەتیرۆریزمی ئیسلامی وتاڵیبان

وقاعیده وئەو پشتیوانیە گەورەیەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە لێیدەکرا, بەشەڕێك کە لەگەڵ سەدام حسێن ورژێمە دیکتاتۆرەکەی کردی وەها نەمایەوە و هەتا دێت بەرەو لاواز بوون و پاشەکشەکردن دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندی ئوسامەو سەدام ومەسەلەی مەترسی چەکی کیمیایی و...بێبەڵگە بوون, بەڵام ئەو ئامانجە سیاسی وئابوورییانەی کە دەولەتی بۆش لەعێراق وناوچەکە وەك ستراتیژی بەشوێنیەوەیە, ئیدی بەتەواوی دەبێتە حاڵەتێکی سەربەخۆو لەبەهانەیەك کە شەڕی لەپێناو کرا ولەئامانجێك کە ئەم شەڕەی ئێستا بەنیازی بەدەست هێنانیەتی تەواو جیاوازن و بۆ خەڵکی جیهانیش ئەمە تایبەت مەندی سەرەکی لێکدانەوەی ئەمساڵە.

***گۆڕانی جیهانی عەرەب ورۆژهەلاتی ناوەڕاست وعێراق وئێران:***

لێکدانەوەی کارەساتی 11\9 \2001 لەمڕۆدا, وادەخوازێت بەوورد بینیەکی قووڵترەوە رۆلی ئەمەریکا لەناوچەکەی ئێمەدا هەڵبسەنگێنین. ئەو هێزەی یان ئەو هێزانەی کە ئالتەرناتیوی دەوڵەتی بۆش شکست پێدەهێنن, ئەوانەشن ئەگەر دەسەلاتیش نەگرنە دەست بەلام کاریگەریان یەکجار گەورە دەبێت لەداهاتووی سیاسیدا. دەستکەوتی شکستی دەوڵەتی بۆش یان ئیتفاقاتی سیاسی لەگەڵ لایەنە تیرۆریستیەکانی فاشیزمی ئیسلامی وفاشیستەکانی تریشدا هەمان بەرهەمی دەبێت.ئەوەی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا وەك فەرز وەر دەگیرێ, هیچ کات مەسەلەکانی دیموکراسی وپەرلەمان ومافی مرۆڤ و ئازادی و خۆشگوزەرانی نیە. بۆ هەموو کەس رۆشنە شەڕی عیراق , ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزمی ئیسلامی لاواز نەکرد, بەڵکە بەتەواوی پایەکانی پایەدارتر وفراوانتر کردو تەنانەت هەر ئێستا لەزۆریك لەوولاتانی تریشدا ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەك مەترسی لەسەر دەوڵەتان داناوە((یەمەن, سعودیە, ئەردەن, میسر)), وە هەروەها ئەو جەریمانەی کە رۆژانە لەلایەن سەربازانی ئەمەریکیەوە ئەنجامدەدرێت , لەئەبوغریب ولەتیفیەو فەلووجە.... هەوساری پچڕاوی ئیسلامیەکان بەو پەڕی خۆی گەیاندووە لە تیرۆر, تەقینەوە, سەربڕین, شێوەکانی توندوتیژی وقەسابیکردن, یەکێك لەنۆرم وفۆرمەکانی بەرگریکردنی جیهادی و نیشتمانییە. سیاسەتی دەوڵەتی بۆش لەشەڕی لوبناندا و لەوپشتیوانیەی لە دەوڵەتی ئیسرائیل , هێندەی تر پرۆژەکانی سیاسەتی ئەمەریکای لەناوچەکەدا ئاڵۆزتر وئاستەنگتر کردو ئەمەش هەڵەیەکی تر بوو کە لەزنجیرە هەڵەکانی تری کە ئامانجی هەموویان بەرەو دامەزراندنی زاڵدەستی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە تەئمین بکات. جیهانی عەرەب ورۆژهەلاتی ناوەراست و ئێران بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێویستە بگۆڕدرێن و ئەم ناوچەیە بەتەواوی نائینسانی وداوکەوتووە, بەتەواوی ئینسان تیا دیل وداماو ژیانی شێواو ونائارامە, سیستەمی کۆمەلایەتی وسیاسی وبەهەمهێنان لەگەڵ کۆمەڵگای پێشکەوتوو ومۆدێرنی ئەمرۆ ناتەبایە و ئەمەش واقعەن یەك شۆڕشی گەورەی کۆمەڵایەتی دەخوازێت لەچەشنی شۆڕشە مەزنەکانی مێژوو.لەڕاستیدا نەتەنها ئەم ناوچەیەی ئێمە بەڵکە گۆی زەوی پێویستە خۆی بتەکێنێ و جێگاوڕێگای ئینسان لەبەرامبەر بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانیدا بگۆڕدرێن.

دەوڵەتی بۆش ئێستا خۆی بووەتە بەشێك لەکێشەکانی ناوچەکەی ئێمە ئەگەر نەڵێین کێشەی سەرەکی و

تەنانەت بۆتە بەربەستێکی یەکجار گەورە بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ ژیان ورزگاربوونیان. ئەو هێزانەی دەیانەوێت لەم نێوەدا بەئامانجی ئاسوودەترکردنی ئینسان تێبکۆشن وخەباتەکەیان بەرهەمی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت, هەڵبژاردنێکی تریان لەبەردەمدا نیە, دەست کۆتاکردنی پرۆژەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی بۆش ورۆڵی لەناوچەکەدایە. دەوڵەتی بۆش لە ئێستادا هیچ ئالتەرناتیویکی کورت ماوەشی بۆ کێشەکانی ناوچەکە پێنیە. بونبەستی سیاساتی ئەمەریکا لەجەوهەری نەخشەکانیدایە.

بەرەی سکۆلاریزم و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە, لەبەردەم مێژوویەکی چاوەنوارنەکراودا وەستاونەتەوە, دەروازەی گۆڕانی جیهان لە ناوچەکەی ئێمەوە دەستپێدەکات. ئەزمەی ناوچەکەو ڕزگاربوون لەشەڕ وتیرۆر وبرسیەتی و هەژاری, لەئومێدەکانی ئەم بەرەیەوە سەر دەهێنە دەر. خەڵکی کرێکارو زەحمتکێشان و لاوان و نووسەرانی ئازادیخواز, ئەم بەرەیە بەهێزبکەن .

## *کارەساتی 11ی سێپیتمبەری 2001 لەسەر کۆمەڵگای مرۆفایەتی*

هەقیقەت کارەساتی 11ی 9, ڕووداوێکی یەکجار گرنگ بوو لەمێژووی نوێدا وکاریگەری گەورەی لەسەر ڕەوەندەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی داناوە. دەتوانین بڵێین سەدەی بیست ویەکەم لەم ڕووداوە وە دەستپێدەکات و ژیانی نوێی ئینسانەکان لەنێو ئەم هەلومەرجە کۆمەڵایەتی وسیاسی وئابووری وچەنگیەدا مێژوو دەخولقێنن . لەو بارەوە ووتار ولێکدانەوە ی جۆراوجۆر نووسراون و هەرواش درێژەی هەیە. لەنێو نووسەرانی کوردا بەشێوەیەکی گشتی بێدەنگی هەڵبژێردراوەو زۆر کەم لێگدانەوەیەکی جددی بۆ دۆزینەوەی هەقیقەتەکان و هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر دانیشتوانی کوردستان گێراوەتە بەر, نەك هەر ئەمە بەڵکە ئەو سیاسات ونەخشانەی کە لەلایەن دەوڵەتی بۆشەوە لەمەڕجیهان وناوچەی ناوەڕاستەوە پەیڕەوکراوە بەتاییەت بەدوای ئەم کارەساتەوە, وەك تەنها ئومێد و وەك ڕزگاریگەرو پرۆسەی ئازادی بەخەڵك ناسێنراوە وقەبڵێنراوە.

ئەمساڵ لێکدانەوەی ڕووداوی یانزەی نۆ گەلێك تاییەتمەندی تری بەخۆیەوە بینی لەچاو سلانی پێشووتر, پاش 5 ساڵ لەو ڕووداوە, هێشتا سیساسات ونەخشەکانی دەوڵەتی بۆش بۆ جیهان و ناوچەی رۆژهەلات لەگەڵ ناکامیەکی کوشندەو بیٰ ئاسۆ بەرەو ڕووبۆتەوە. وەك پرۆفیسۆر کریستیان لەچاوپێکەوتنەکەی دەربیڕی((ئێستا خودی ئەمەریکا بەشێکە لەکێشەکە ئەگەر بەشی سەرەکی کێشەکە نەبێت)). پاش 5 ساڵ لەشەڕی بەرەنگاری بەرامبەر تیرۆریزم, چارەسەری کێشەی فەلەستین, دیموکراسیکردنی عیراق و دامەزراندنی رۆژهەلات و رۆژهەلاتی ناوەڕاستێکی نویٰ وبیٰ ئاکام و بیٰ ئالتەناتیڤ, وە نەك هەر ئەمە بەڵکە وەك ناسر ووتی(( تەنها شەڕێك کە ئەمەریکا لەئیسرائیل ئیسرائیل تربوو,شەڕی لوبنان)) بوو,وە بەگشتی شعووری ئارامی وپارێزراوی تەنانەت لە لایەن خەڵکی ئەوروپاو ئەمەریکاوە بەدەست نەهاتووە

لەهێرشی تیرۆریزمی ئیسلامیەکان. ڕووداوە تیرۆریسیتەکانی ماوەی ئەم 5 ساڵە ئەمە دەسەڵمێنن.

لێکدانەوەی ئەم ساڵ, تاییەتمەندییەکی تریشی هەیە, توێژینەوە لە چارەسەری تر لەشەڕ لەگەڵ تیرۆریزم, هەڵسەنگاندنی ئەم ڕووداوە بە دوور لە گریانە درۆینەکانی سەرانی دەوڵەتی بۆش, گەڕان وسۆراخ بۆ ئالتەرناتیوی تر بۆ کێشەکانی جیهان .

بەشێوەیەکی گشتی لەنێو لێکۆڵەرەوانان وئەهلی سیاسەتدا , شەڕی عیراق بەهەڵەیەکی کوشندە بۆ سیاسیەتی بۆش لێکدەدەنەوە. زەربەیەك کە لەئەفغانستان وەشێنرا لەتیرۆریزمی ئیسلامی وتاڵیبان وقاعیدە وئەو پشتیوانیە گەورەیەی کە لەلایەن کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیەوە لێیدەکرا, بەشەڕێك کە لەگەڵ سەدام حسین ورژێمە دیکتاتۆرەکەی کردی وەها نەمایەوە و هەتا دێت بەرەو لاواز بوون و پاشەکشەکردن دەبێتەوە. سەرەڕای ئەوەی کە پەیوەندی ئوسامەو سەدام ومەسەلەی مەترسی چەکی کیمیایی و...بێبەڵگە بوون, بەڵام ئەو ئامانجە سیاسی وئابوورییانەی کە دەولەتی بۆش لەعیراق وناوچەکە وەك ستراتیژی بەشوێنیەوەیە, ئیدی بەتەواوی دەبێتە حاڵەتێکی سەربەخۆو لەبەهانەیەك کە شەڕی لەپێناو کرا ولەئامانجێك کە ئەم شەڕەی ئێستا بەنیازی بەدەست هێنانیەتی تەواو جیاوازن و بۆ خەڵکی جیهانیش ئەمە تاییەت مەندی سەرەکی لێکدانەوەی ئەمساڵە.

***گۆڕانی جیهانی عەرەب ورۆژهەلاتی ناوەڕاست وعیراق وئیران:***

لێکدانەوەی کارەساتی 11\9 \ 2001 لەمڕۆدا, وادەخوازێت بەوورد بینیەکی قووڵترەوە رۆلی ئەمەریکا لەناوچەکەی ئێمەدا هەڵبسەنگێنین. ئەو هێزەی یان ئەو هێزانەی کە ئالتەرناتیوی دەوڵەتی بۆش شکست پێدەهێنن, ئەوانەشن ئەگەر دەسەلاتیش نەگرنە دەست بەڵام کاریگەریان یەکجار گەورە دەبێت لەداهاتووی سیاسیدا. دەستکەوتی شکستی دەوڵەتی بۆش یان ئیتفاقاتی سیاسی لەگەڵ لایەنە تیرۆریستیەکانی فاشیزمی ئیسلامی وفاشیستەکانی تریشدا هەمان بەرهەمی دەبێت.ئەوەی بۆ سیاسەتی ئەمەریکا وەك فەرز وەر دەگیرێ, هیچ کات مەسەلەکانی دیموکراسی وپەرلەمان ومافی مرۆڤ و ئازادی و خۆشگوزەرانی نیە. بۆ هەموو کەس رۆشنە شەڕی عیراق , ئیسلامی سیاسی وتیرۆریزمی ئیسلامی لاواز نەکرد, بەڵکە بەتەواوی پایەکانی پایەدارتر وفراوانتر کردو تەنانەت هەر ئێستا لەزۆریك لەووڵاتانی تریشدا ئیسلامی سیاسی بەشێوەیەك مەترسی لەسەر دەوڵەتان داناوە((یەمەن, سعودیە, ئەردەن, میسر)), وە هەروەها ئەو جەریمانەی کە رۆژانە لەلایەن سەربازانی ئەمەریکیەوە ئەنجامدەدرێت , لەئەبوغریب ولەتیفیەو فەلووجە.... هەوساری پچڕاوی ئیسلامیەکان بەو پەڕی خۆی گەیاندووە لە تیرۆر, تەقینەوە, سەربڕین, شێوەکانی توندوتیژی وقەسابیکردن, یەکێك لەنۆرم وفۆرمەکانی بەرگریکردنی جیهادی و نیشتمانییە.

سیاسەتی دەوڵەتی بۆش لەشەڕی لوبناندا و لەوپشتیوانیەی لە دەوڵەتی ئیسرائیل , هێندەی تر پرۆژەکانی سیاسەتی ئەمەریکای لەناوچەکەدا ئاڵۆزتر وئاستەنگتر کردو ئەمەش هەڵەیەکی تر بوو کە لەزنجیرە هەڵەکانی تری کە ئامانجی هەموویان بەرەو دامەزراندنی زاڵدەستی سیاسەتی ئەمەریکا لە ناوچەکە تەئمین بکات. جیهانی عەرەب ورۆژهەلاتی ناوەراست و ئیران بەشێوەیەکی بنەڕەتی پێویستە

بگۆڕدرێن و ئەم ناوچەیە بەتەواوی نائینسانی وداوکەوتووە, بەتەواوی ئینسان تیا دیل وداماو ژیانی شێواو ونائارامە, سیستەمی کۆمەلایەتی وسیاسی وبەهەمهێنان لەگەڵ کۆمەڵگای پێشکەوتوو ومۆدێرنی ئەمڕۆ ناتەبایە و ئەمەش واقعەن یەك شۆڕشی گەورەی کۆمەڵایەتی دەخوازێت لەچەشنی شۆڕشە مەزنەکانی مێژوو.لەڕاستیدا نەتەنها ئەم ناوچەیەی ئێمە بەڵکە گۆی زەوی پێویستە خۆی بتەکێنێ و جیگاوڕێگای ئینسان لەبەرامبەر بەرهەمهێنان و پەیوەندییەکانیدا بگۆڕدرێن.

دەوڵەتی بۆش ئێستا خۆی بووەتە بەشێك لەکێشەکانی ناوچەکەی ئێمە ئەگەر نەڵێین کێشەی سەرەکی و تەنانەت بۆتە بەربەستێکی یەکجار گەورە بۆ هەر ئاڵوگۆڕێکی خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ ژیان وڕزگاربوونیان.

ئەو هێزانەی دەیانەوێت لەم نێوەدا بەئامانجی ئاسوودەترکردنی ئینسان تێبکۆشن وخەباتەکەیان بەرهەمی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنێت, هەڵبژاردنێکی تریان لەبەردەمدا نیە, دەست کۆتاکردنی پرۆژەو سیاسەتەکانی دەوڵەتی بۆش وڕۆڵی لەناوچەکەدایە. دەوڵەتی بۆش لە ئێستادا هیچ ئالتەرناتیویکی کورت ماوەشی بۆ کێشەکانی ناوچەکە پێنیە. بونبەستی سیاساتی ئەمەریکا لەجەوهەری نەخشەکانیدایە.

بەرەی سکۆلاریزم و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە, لەبەردەم مێژوویەکی چاوەنوارنەکراودا وەستاونەتەوە, دەروازەی گۆڕانی جیهان لە ناوچەکەی ئێمەوە دەستپێدەکات. ئەزمەی ناوچەکەو ڕزگاربوون لەشەڕ وتیرۆر وبرسیەتی و هەژاری, لەئومێدەکانی ئەم بەرەیەوە سەر دەهێنە دەر. خەڵکی کرێکارو زەحمتکێشان و لاوان و نووسەرانی ئازادیخواز, ئەم بەرەیە بەهێزبکەن .

بەرەی سکۆلاریزم و کۆمۆنیستەکانی ناوچەکە, لەبەردەم مێژوویەکی چاوەنوارنەکراودا وەستاونەتەوە, دەروازەی گۆڕانی جیهان لە ناوچەکەی ئێمەوە دەستپێدەکات. ئەزمەی ناوچەکەو ڕزگاربوون لەشەڕ وتیرۆر وبرسیەتی و هەژاری, لەئومێدەکانی ئەم بەرەیەوە سەر دەهێنە دەر. خەڵکی کرێکارو زەحمتکێشان و لاوان و نووسەرانی ئازادیخواز ئەم بەرەیە بەهێز بکەن.